محەمەدی مەلا کەریم:

ئەکادیمی نیم و لە حوجرە خوێندوومەو ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردیشم

ساز دانی: سەروەر سەعدوڵڵا

محەمەدی مەلا کەریم، زیاتر لە پەنجا ساڵە خزمەتی ئەدەب و فەرهەنگی کوردیی دەکات، لەم گفتوگۆ تایبەتەی «پەیک»دا لەبارەی پەیوەندیی خۆی و (گۆران) لەلایەک و هاوکاریکردنی خوێندکاران و کەسانی ئەکادیمی لەلایەکی دی، قسە دەکات، باس لە دوا هەوڵیشی، کە ساغکردنەوەی دیوانی سالم‌ە، بۆ «پەیک» دەکات.

پێوەندیی ئێوە لەگەڵ مامۆستا (گۆران) بۆ کەی دەگەڕێتەوە، دەتوانین ڕاتان لەبارەی گۆران و زمانی گۆرانەوە بزانین؟

* پێوەندیی من لەگەڵ مامۆستا گۆران، بۆ ساڵی (١٩٥٢) دەگەڕێتەوە. ئەو لەو ساڵەدا لە زیندانی سلێمانی بەندی بوو. چووم بۆ ئەو زیندانە بۆ چاوپێکەوتنی چەند جوتیارێکی تێکۆشەری دەوروبەری وارماوا، کە لەوێ زیندانیی بوون. لەو زیندانەدا؛ مامۆستا گۆرانم ناسی. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا مامۆستا گۆران ماوەی زیندانییەکەی تەواو کردو ئازاد کرا. پاشان بوو بە بەرپرسی دەرکردنی ڕۆژنامەی «ژین»، کە پاش کۆچی دوایی پیرەمێردی نەمر، خوالێخۆشبوو جەمیل سائیب بوو بە بەرپرسی و ئەویش کۆچی دوایی کردو مامۆستا نوری ئەمین مەحمود بووبوو بە بەرپرسی و ئەمیش لەسەر سەفەر بوو بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خوێندن و بەو هۆیەوە بەرپرسی ڕۆژنامەکەیان سپاردبوو بە مامۆستا گۆران. هەر لەم ماوەیەدا، لیژنەی سلێمانی ئاشتیخوازانی عێراق پێکەوە نرابوو، کە مامۆستا گۆرانیش یەکێک بوو لە زمانێک لەگەڵ زۆر لە زمانەکانی تر هەمیشە لە دانوستاندندان و بەردەوام لە یەکتری وەردەگرن‌و زمانی ئەو گەلانەی لە ڕیزی پاشەوەی کاروانی مرۆڤایەتیدا دەڕۆن، بەزۆریی وشەی زمانی گەلە پێشکەوتووەکانیان تێ دێ‌و ئەمە ڕەوتی مێژوو بووە هەر لە سەرەتای کارەوە تا ئێستا. نابینی کوردی چەند وشەی زۆری عەرەبی و فارسی‌و ئینگلیزی و ئەمانەی تێ هاتووەو بەردەوام هی تازەی تریشی تێ دێ؟ بەش بەحاڵی گۆران، فەزڵەکەی لەوەدایە زمانێکی کوردی ڕەسەنی زانیوەو لە شیعری‌و لە پەخشانیدا خستوویەتییە گەڕو تەنانەت کە وشەی نوێشی بۆ کوردی داتاشیوە، چونکە بنەماکانی زمانی کوردی زۆر باش زانیوەو وشەی ڕاست و ڕێکوپێکی داڕشتووە.

مامۆستا مەسعود موحەمەد لە کتێبی (دەستەو دامانی نالی)دا لەبارەی شەرحەکەتانەوە بۆ نالی ڕەخنەیەکی زۆری لە ئێوە گرتووە. لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟

* ئەو کتێبەی مامۆستا مەسعود موحەمەدم لایە، بەڵام بۆم ڕێنەکەوتووە بیخوێنمەوەو نازانم چ ڕەخنەیەکی لە دیوانی نالیەکەمان گرتووە. دوو ساڵ و سێ مانگیشە لەبەر نەخۆشیی نەمتوانیوە سەیری کتێبخانەکەم بکەم. لەم ماوەیەیشدا کتێبی زۆرم بە دیاریی بۆ هاتووەو کتێبی زۆرم خەڵک بردوویانە بۆ خوێندنەوە. نازانم ئێستا ئەو کتێبەی مامۆستا مەسعود کەوتووەتە کوێوە تا بیهێنم و بیخوێنمەوە. یان تۆ نوسخەکەی خۆتم بۆ بهێنە بیخوێنمەوەو بتدەمەوە یا دەبێ سەبر بکەی ئەگەر چاک بوومەوە نوسخەکەی خۆم بدۆزمەوەو وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە. دیارە کە کتێبەکەم خوێندەوە، هەر ڕەخنەیەکم بە ڕاست زانی ددانی پێدا دەنێم و هەر ڕەخنەیەکیشم بە ڕاست نەزانی وەڵامی دەدەمەوە.

ئەمڕۆ پاشاگەردانییەکی زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا دەبینرێت. بە ڕای ئێوە ئەمە چۆن چارەسەر بکەین؟

*لام وایە ڕاستە پاشاگەردانییەکی گەورە لەپاش ڕاپەڕینەوە کە ئازادییەکی زۆری نووسین‌و لەچاپدان و بڵاوکردنەوە هاتە بەرهەم، لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پەیدا بووە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان هەیەو نە فەرهەنگی سەرانسەریی دیالێکتەکانی کوردی و نە گرامەری دیالێکتەکان‌و نە قانوونێکی وایش کە چارەسەری هەموو ئەو گیروگرفتانە بکات کە لەم ئازادییەی ئێستای بڵاوکردنەوەوە پەیدا دەبن. لام وایە چارەسەری ئەم پاشاگەردانییەش، بەستەیە بە کاراکردنی ئەکادیمیای کوردییەوە، کە بتوانێ گیروگرفتی نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و نەبوونی فەرهەنگی سەراسەری دیالێکتە کوردییەکان و نەبوونی گرامەری سەراسەریمان بۆ چارە بکات. پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیریش لەبارەی داڕشتنی قانوونی دابونەریتی بڵاوکردنەوەوە بەرپرسن.

دەستنووس و شیعری بڵاونەکراوەی شاعیرانت لا دەست دەکەوێت لە کلاسیکەوە تا دەگاتە ئەحمەد هەردی؟

* زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد شیعری شاعیرانی کۆن و تازەیان لا دەست دەکەوێت. منیش، لە ڕێگای کتێبخانەکەی باوکمەوە هەندێ شیعری دیالێکتی گۆرانیم لایەو وەک وتیشم ئەگەر بمێنم هەوڵ دەدەم بۆ بڵاوکردنەوەیان. لە پرسیارەکەتدا ناوی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد هەردیت هێنا. بەو بۆنەیەوە حەز دەکەم بڵێم لە قۆناغی چەپگەرایی مامۆستا هەردی‌دا، شیعری سیاسیی زۆر بەرزو باڵای هەبوو، کە لە ڕۆژنامە نهێنییەکاندا بڵاودەکرانەوەو هەمیشە بەسەر زمانی جەماوەرەوە بوون. سەد مخابن کە هەردی یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی لەسەرەتای پەنجاکاندا بڵاوکردەوەو هەروەها لەوە ماوەیەدا هەرچەند لە بەغداوە بچوومایە بۆ سلێمانی، سەرم لێ دەداو لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کوردیشدا لە شەقڵاوە، چەند ڕۆژێک پێکەوە بووین، کە هاتیشە بەغداو بوو بە مامۆستای موحازەرەدەر لە کۆلێژی ئاداب زۆر ڕۆژ دەمدییەوە تا نەخۆشکەوت و عەمەلیات کراو پاشان هەر بۆ تیمار چوو بۆ مۆسکۆو پاشان هاتەوە بۆ بەغداو ئەوجا دیسان نەخۆشییەکەی سەری لێ هەڵدایەوەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لە (١٩٦٢/١١/١٨)دا کۆچی دوایی کرد.

لاتان وایە گۆران توانیبێتی زمانی کوردی پاکبکاتەوە لەو هەموو وشە بێگانەیەی تێی کەوتووە؟

*تا ئێستا نە مامۆستا گۆران و نە کەسی تر نەیتوانیوە، نە زمانی کوردی و نە هیچ زمانێکی تر لە وشەی بێگانە ڕزگار بکات، لایشم وا نییە هیچ کەسێک بتوانێت ئەم کارە بکات. هەموو زمانێک لەگەڵ زۆر لە زمانەکانی تر هەمیشە لە دانوستاندندان و بەردەوام لە یەکتری وەردەگرن‌و زمانی ئەو گەلانەی لە ڕیزی پاشەوەی کاروانی مرۆڤایەتیدا دەڕۆن، بەزۆریی وشەی زمانی گەلە پێشکەوتووەکانیان تێ دێ‌و ئەمە ڕەوتی مێژوو بووە هەر لە سەرەتای کارەوە تا ئێستا. نابینی کوردی چەند وشەی زۆری عەرەبی و فارسی‌و ئینگلیزی و ئەمانەی تێ هاتووەو بەردەوام هی تازەی تریشی تێ دێ؟ بەش بەحاڵی گۆران، فەزڵەکەی لەوەدایە زمانێکی کوردی ڕەسەنی زانیوەو لە شیعری‌و لە پەخشانیدا خستوویەتییە گەڕو تەنانەت کە وشەی نوێشی بۆ کوردی داتاشیوە، چونکە بنەماکانی زمانی کوردی زۆر باش زانیوەو وشەی ڕاست و ڕێکوپێکی داڕشتووە.

لە پێشەکی دیوانی مەحوی‌دا دەنووسن، کە: کەس ناگاتە قولە پێی نالی. هەست دەکەیت ئەمە هەڵسەنگاندنێکی عادیلانە بێت لە بەراوردی مەحوی بە نالی‌دا؟

*دەبوو بگەڕایتایەتەوە بۆ پێشەکی دیوانی نالی، تا دەق ئەو قسەیە بگێڕێتەوە کە من لەوێ نووسیومە. ئەم دەقەی تۆ داوتەتە پاڵ من، من بە دەقێکی زۆر بێ ئەدەبانەی دەزانم دەرحەق هەر کام لە نالی و لە مەحوی. من هەرگیز شتی وام نەنووسیوە. دیارە منیش‌و هەرکەسی تریش مافی ڕەخنەگرتنیان لە هەرکەسی تر هەیە. من لە پێشەکی دیوانی مەحوی‌دا زۆر شتم نووسیوە، چەندین لاپەڕەم ڕەشکردووەتەوە. مەحوی‌م لەوێدا زۆر بەرز هەڵسەنگاندووە. ئەوەی کەسێک بە توندی بزانێت، تەنها ئەوەندەیە کە نووسیومە: «لە تێکڕای دیوانی مەحویدا، پارچە شیعرێکی وای تێدا نییە کە چ لە مەیدانی ناسینەوەی دوژمنانی گەلی کوردو چ لە مەیدانی کوردایەتییدا بە قولە پێی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)ەکەی نالیدا بگاتەوە، هەروەها ئەوەیش کە هاتووە قەسیدەیەکی (بوردە)ئاسای بە کوردی بۆ موسوڵمانانی کورد نووسیوە، لە ڕادەیەکی کەمدا نەبێ ناتوانی پاڵ بە هەستی نەتەوەیی کوردانەوە بنێت و بیبزوێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕەخنانەیشدا دەبێت هەر ددان بەوەدا بنێین کەوا مەحویش کەم تا بێشێ هەستێکی نەبەکامی بیری کوردایەتیی بووەو ئەمە ڕوویەکی گەشی ترە لە ژیانی مەحویدا... تاد». من لەو پێشەکییەی دیوانی مەحویدا، لەگەڵێ ڕووەوە ڕەخنەم لە هەندێ بیروبۆچوونی مەحوی گرتووە، بەڵام هیچ کام لە ئیجابییاتەکانیشم ڕاستە من ئەکادیمی نیم و تەنانەت نەیشچوومەتە پۆلی یەکەمی سەرەتایی. من لە حوجرەی فەقێ خوێندوومەو خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردووە، بەڵام لەسەرێکی تریشەوە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردیی کوردستانم لە هەولێر. دەمێنێتەوە سەر ئەوە، بە حەقی خۆم لەوێ دانراوم یان بە ناحەق و گەندەڵیی گەیاندوومیانەتە ئەو شوێنە؟ لە بارەی هاوکاریکردنیشمەوە لەگەڵ گەلێ ئەکادیمی دەڵێم، بە پێویستی سەرشانمی دەزانم، هاوکاریی لەگەڵ هەرکەس بکەم کە پێویستی بە من بێت و بە من بکرێت.

ئەکادیمیای کوردی ماوە...، کاریان چییە، ڕات چییە لەبارەیانەوە؟

* پێشەکی با منیش لە تۆ بپرسم: لەبارەیانەوە، یا لە بارەیەوە؟ ئەنجا ئەکادیمیای کوردی لە سایەی خواو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ماوەو خوا یاربێ دەیشمێنێت‌و گەشەیش دەکات تا ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکات. ئەکادیمیای کوردی ئەرکی زۆری لەسەر شانەو من لێرەدا قانوون و پێڕەوی ناوخۆکەیم لەبەردەستدا نییە تا بە وردیی بۆت لێکبدەمەوە، بەڵام تێکڕا بیگری، بۆ خزمەتکردن‌و گەشەپێدانی زمان و ئەدەب و هەر سەرێکی تری زانست لە کوردستاندا دانراوە. ئەرکی سەرشانی ئەکادیمیای کوردی زۆرەو تواناو دەسەڵاتی کەمە. ئەندامەکانی کەمن و پێویستی بە گەلێ ئەندامی تر هەیە لە کەسانی زاناو لێهاتوو، کە بەشی زۆریان کاریان تەرخان بێت، بۆئەوەی بەدرێژایی ساڵ کاریان بۆ ئەو بێت. ڕام بەرامبەر بە ئەکادیمیای کوردی، بە کورتی، ئەو چەند دێڕەی پێشەوەیە کە بۆم نووسین.

قسەیەک هەیە دەڵێن؛ تۆ (ئەکادیمی) نیت، کەچی هاوکارییەکی زۆری ئەکادیمییەکانیشت کردووە... ڕاستە؟

* ئەگەر مەبەستت لە ئەکادیمی ئەوە بێت خوێندنی زانکۆی تەواو کردبێت و ماستەر یان دکتۆرای هەبێت و لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە، پاشانیش چاپێکی تری ئەو کۆمەڵە شیعرانەی کردەوە، ئەو شیعرە سیاسییانەی تیایاندا دانەنابوو. هیوام وایە کوڕە بەڕێزەکانی چاوێکی ورد بە کتێبخانەکەی باوکیاندا بگێڕنەوەو ئەو شیعرانەی لەناویدان و لای ئەم و ئەو و لە ئەرشیفەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستاندا هەن، بیاندۆزنەوەو لە چاپیان بدەن. ئەو شیعرانەی مامۆستا هەردی، بەشێکی پڕ بایەخی کەلەپووری ئەدەبی سیاسیی تێکۆشەرانی میللەتی کوردن‌و گوناهێکی گەورەیە هەروا لەژێر تەپوتۆزی پشتگوێخستندا بڕزێن.

لە ڕێگای کتێبخانەکەی باوکمەوە هەندێ شیعری دیالێکتی گۆرانیم لایەو وەك وتیشم ئەگەر بمێنم هەوڵ دەدەم بۆ بڵاوکردنەوەیان

ئایا لە ئێستادا، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی هیچ دیوانێکی دیکەتان بەدەستەوەیە؟

*باوکم دیوانی بێسارانیشی شەرح کردووەو بەهیوام ئەگەر عومری ئەمانەت باقی بێ، پاش بەچاپگەیاندنی دیوانی سالم و کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف، ئامادەی بکەم بۆ چاپ. چەند دەستنووسێکی تریش لە کتێبخانەکەی باوکمدا هەن بەهیواین لەوانیش بکۆڵینەوەو ئامادەی چاپیان بکەین.

باسی سالم‌ت کرد، لێکۆڵینەوە لە دیوانەکەی ئەو گەیشتە کوێ؟

*دیوانی سالم ساغکراوەتەوەو باوکم و کاکەم لێکۆڵینەوەی خۆیانیان لەسەر نووسیوەو مامۆستا سدیق سالح کۆمپیوتەری کردووە، ئێستا منیش و ئەویش پیایدا دەچینەوەو هەڵەچنیی دەکەین و بەهیواین بۆ کۆتایی ئەمساڵ بتوانین بیخەینە ژێر چاپەوەو لە ساڵی (٢٠١٢)دا لە بەچاپگەیاندنی ببینەوەو بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی کورد.